# من چەندان ژنم لە ژنێکدا

زانا خەلیل

-١-

من یەک ژن نیم لە ژنێکدا
لە ناو مندا
ژنێکی ڕۆحانی هەیە
خۆی بە نەسیم و گیا تەعمید دەکا
هەوری دوعا دەپۆشێ و
بۆ ئەوەی خوا
باڵەکانت لە فڕین نەخا
لەژێر تەرزە و
لەناو تۆفان و زریاندا
نوێژی بۆ دەکا.

لە ناو مندا
ژنێ هەیە
شێت و سەرەڕۆ
ئەگەر لێی دابڕێی
بە سینەی بازەوە
داوا لە ئاسمان و قەدەر دەکا
لە دارستانی برین و
ناخی بورکاندا نوقمت بکا.

ئای.. چەند حەز دەکەم
نوێژ بۆ خوا بکەم
تا بتپارێزێ و
چەندیش حەز دەکەم
ئەگەر لێم دابڕێی
لە ئاگرێکی نەمردا غەرقت بکا.

-٢-

من یەک ژن نیم لە ژنێکدا
لە ناو مندا
ژنێ هەیە
تاریخ و
ئارکیۆلۆژیا و



سیاسەت و
ڕەوانشوناسی و
هونەری خوێندووە و
ژنێکیش هەیە عاشق..

کاتێ بەرانبەرم ڕۆدەنیشیت و
سەدان کاژێر قسە دەکەی
ژنێ لە مندا
خۆی کەڕ دەکا و
ژنێکی تر هاوار دەکا:
قەینا با هەمیشە قسە بکا
چونکە کاتێ دەدوێ
هەنگوین لە دەمی دادەکا
چونکە کاتێ قسە دەکا
شیر و هەنگوین لە زاری دادەکا.

-٣-
من یەک ژن نیم لە ژنێکدا
لە ناو مندا
ژنێکی قووڵ هەیە
ئاسمان و
خەیاڵ و
زەمینت
ڕووکەش دەبینێ و
ژنێکی ڕووکەشیش هەیە لە مندا
ڕوخسار و
پێکەنین و
دەنگ و ڕەنگ و شێوەت
قووڵ دەبینێ.

-٤-
من یەک ژن نیم لە ژنێکدا
لە ناو مندا
ژنێکی دڵسۆز هەیە
ئەگەر بزانێ
ڕۆژێ لە ڕۆژان
تەمی زەمەن ونت دەکا
سەدان ساڵ
لەناو دڕک و گیا و
دەریا و
دارستان و
دۆزەخدا
چاوەڕێت دەکا
ژنێکی دیکەش
لە مندا هەیە خاین
ئەگەر لە نەهاتنەوەتدا غەرق بێ
سەدان ساڵ
لەناو گیا و
دەریا و
دارستان و دۆزەخدا
لەگەڵ سەدان
پیاوی ڕەنگاوڕەنگ
لەبیرت دەکا.

-٥-
من یەک ژن نیم لە ژنێکدا
لە ناو مندا
کچێکی گەنج هەیە
هەموو شت دەزانێ و
هێشتایش حەز دەکا
بە پەنجە سیحراوییەکانی
گەورەت بکا.

لە ناو مندا
پیرەژنێکی لاڵی
بێ زاکیرە هەیە و
هێشتایش حەز دەکا لەبیرت بکا.

-٦-
من یەک ژن نیم لە ژنێکدا
لە ناو مندا
ژنێک هەیە
کەسی
لا سێبەر و
کۆشک و
شا و
قەڵا و
چیا و
بەهەشت نییە
جگە لە تۆ.

لەناو مندا

ژنێکی تر هەیە
هەموو دنیای
لا سێبەر و
کۆشک و
شا و
قەڵا و
چیا و
بەهەشتە
جگە لە تۆ.

-٧-

من یەک ژن نیم لە ژنێکدا
لە ناو مندا
ژنێ هەیە
ئەگەر بیبەیتە
ناوەڕاستی دەریا و
لە تینوویەتیدا بخنکێ
هێشتا لەززەت لە خنکان دەکا
لەناو مندا
ژنێکی دیکە هەیە
حەز دەکا
خۆشەویستەکەی
یەخت و کەشتی هەبێ و
بەنێو دەریا و
ئۆقیانۆسەکاندا سەفەری پێ بکا.

-٨-

من یەک ژن نیم لە ژنێکدا
لەناو مندا
ژنێ هەیە
حەز بە چیرۆکی تەواو دەکا
دەیەوێ تا دوا خاڵی داستان
لەگەڵتدا هەنگاو ڕێ بکا
لەناو مندا ژنێکی تر هەیە
دەیەوێ لە ناوەڕاستی
حیکایەتی عەشقدا
لە ڕەگەوە دەرتبێنێ و
وێرانت بکا.

-٩-

من یەک ژن نیم لە ژنێکدا
لەناو مندا ژنێک هەیە دیل
حەز بە ڕاکشان لە باوەشت و
فڕین لە قەفەزی باوەشت و
کەوتن و سەرکەوتن و
گریان و پێکەنین لە باوەشت دەکا
لەناو مندا ژنێکی دیکە هەیە ئازا
حەز بە فڕینی وەک تەوار و
هەڵزنان و دابەزین و
کەوتن و سەرکەوتنی سەربەخۆ و
ئازادییەکی ڕەها دەکا.

-١٠-

من یەک ژن نیم لە ژنێکدا
لە مندا ژنێک هەیە لە نوور و
ژنێکی تاریکیش
لە مندا ژنێکی کافر هەیە و
ژنێکی ئیمانداریش
لە مندا عەزرا هەیە و
مەجدەلیەش
لە مندا ژنێکی جەللاد هەیە و
ژنێکی قوربانیش
لە مندا ژنێکی پڕ لە خەون هەیە و
ژنێکی بێ خەونیش
لە مندا تەوارێ هەیە
دەیەوێ بە تەنیا ئاسمان تەی بکا و
مەڕێکی نێو مێگەلیش
لە مندا ژنێکی شۆڕشگێڕ هەیە و
ژنێکی گۆشەگیریش..

لە مندا ژنێ هەیە
لە لێواری مردندا ژیانی خۆشدەوێ
لە مندا ژنێ هەیە لە ناو ژیاندا
مەرگی خۆشدەوێ..

دەی دە پێم بڵێ: من کێم و
کامە ژنت لە مندا خۆشدەوێ
دەی دە پێم بڵێ
ئەی دوژمنی من
ئەی خۆشەویستی من
کامە ژنت لەو ژنانەی
نێو ناخی من خۆشدەوێ؟